NED DENG

## یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان




## راپۆرتێک لەبارەی:

# بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان– گەرمیان

تشرینی یەکەمی 2024

## پێشەکی:

بەڕێوەبەرایەتــی بەرەنگاربونــەوەی توندوتیــژی دژی ئافرەتــان و خێزان-گەرمیان، ســەربە بەڕێوبەرایەتی گشــتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیــژی دژی ئافرەتان و خێزانە لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتــی هەرێــم، بەپێی یاســای ژمارە (٨)ــی ســاڵی ٢٠١١ کاردەکات.

لەم راپۆرتەدا تیشــکدەخەینە ســەر کارەکانی بەڕێوبەرایەتیەکە، هەروەها ئەو کێشە و ئاستەنگیانەی روبەڕویان دەبێتەوە.

# بەشی یەکەم: ئەرک و کارەکانی بەڕێوبەرایەتیەکە

## ١. پەیکەری بەڕێوبەرایەتییەکە

ئــەم بەڕێوبەرایەتیــە لــە ســاڵی ٢٠٠٨ دامــەزراوە لەژێــر نــاوی بەڕێوبەرایەتــی بەدواداچونــی توندوتیــژی دژی ئافرەتــان، تەنها کاری بەدواداچــون بــوە بــۆ کەیســەکانی تایبەت بــە توندوتیژی دژی ئافرەتــان کــە لەلایــەن بنکەکانــی پۆلیســەوە پەراویان بۆ دەکرایەوە. لە ســاڵی ٢٠١٢ــەوە و لەدوای بەرکارکەوتنی یاسای بەرەنگاربونــەوەی توندوتیــژی خێزانی، نــاوی بەڕێوبەرایەتییەکە گــۆڕا بــۆ (بەڕێوبەرایەتــی بەرەنگاربونــەوەی توندوتیــژی دژی ئافرەتــان و خێزان- گەرمیان) و کارەکەی لە بەدواداچونەوە گۆڕا بــۆ بەرەنگاربونەوە و ئەنجامدانــی کاری لێکۆڵینەوەی تایبەت بە توندوتیژییــە خێزانییــەکان تا کەســی پلە چوار لەســەر بنەمای یاساکە.

بەڕێوبەرایەتــی بەرەنگاربونــەوەی توندوتیــژی دژی ئافرەتــان و خێزان- گەرمیان سێ نوسینگە لە خۆدەگرێت لە (کەلار، کفری و رزگاریی)، هەروەها بەشی سەنتەری راوێژکاری خێزانی هەیە کە بارەگاکەی لە کەلارە، نوســینگەی خانەقینی بەڕێوبەرایەتیەکەش لــەدوای روداوەکانی ١٦ــی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ــەوە داخراوە و لە ئێستادا وەک تیم موبایلێک کاردەکەن.

هــەروەک خودی بەڕێوبەرایەتی لە (٧) بەشــدا خۆی دەبینێتەوە (یاســا، ئامار و پلاندانان، کارگێریی، ژمێریاریی، جوڵان و تاوان، سەربازی و شارستانی لەگەڵ ئامێرسازیی).

ژمارەی تێکڕای فەرمانبەرانی بەڕێوبەرایەتیەکە بە هەمو نوسینگە و بەشــەکانی دیکەیــەوە، (١٢٣) فەرمانبــەرن، (١٣) لەوانــە ئەفســەرن و (٧٧) فەرمانبەری ســەربازیی و (٣٣) فەرمانبەری مەدەنین، بەکۆی گشــتیش (٣٥) فەرمانبەری بەڕێوبەرایەتییەکە لە رەگەزی مێن.

## ٢. ئەرکەکانی بەڕێوبەرایەتییەکە

### ا. لەڕوی کارگێرییەوە

بەڕێوبەرایەتــی بەرەنگاربونــەوەی توندوتیــژی دژی ئافرەتــان و خێــزان- گەرمیــان بۆ ســەرجەم نوســینگەکانی مەرجەعە لەروی کارگێرییەوە.

ئەحمــەد نــوری، بەڕێوبــەری بەڕێوبەرایەتــی بەرەنگاربونــەوەی توندوتیــژی دژی ئافرەتــان و خێزان- گەرمیــان، دەڵێت: یەکێک لەکارەکانــی بەڕێوبەرایەتــی بەرەنگاربونــەوەی توندوتیــژی دژی ئافرەتان و خێزانی گەرمیان سەرپەرشــتیی نوســینگەکانی ســەر بــە بەڕێوبەرایەتی و ســەنتەری راوێژکاری خێزانی دەکات لە روی کارگێرییەوە.

دەشــڵێت: بەڕێوبەرایەتــی بەرەنگاربونــەوەی توندوتیــژی دژی ئافرەتــان و خێــزان- گەرمیــان مەرجەعە بۆ کارەکانــی ئەوان لە کاروبارەکانی کارگێریدا.

### ب. کۆکردنەوەی ئامار و زانیاریی

بــۆ کۆکردنەوەی ئاماری ســەرجەم ئەو روداو و کێشــانەی رو لە نوسینگەکان و سەنتەری راوێژکاری خێزانی سەر بە بەڕێوبەرایەتی دەکەن، پشت بە سیستەمێکی داتابەیس دەبەسترێت.

ئیدریــس محەمــەد، لێپرســراوی بەشــی ئامــار و پلاندانــان لــە بەڕێوبەرایەتییەکە، دەڵێت: یەکێک لەکارەکانی ئێمە کۆکردنەوەی ســەرجەم ئامــار و داتــا و زانیارییەکانە کە خــۆی دەبینێتەوە لە ئاماری روداو و کێشە خێزانیەکان هەروەها ئاماری ئەو کەیسانەی بەمەبەستی راوێژ رو لە سەنتەری راوێژکاریی خێزانی دەکەن.

دەشڵێت: لە ئێستادا بەڕێوبەرایەتیمان بۆ کۆکردنەوەی ئامارەکان کار لەســەر داتابەیســێکی پێشــکەوتو دەکات کــە بــە ئۆنلایــن ســەرجەم نوســینگەکانی بەســتراوەتەوە بــە بەڕێوبەرایەتیەوە و بەڕێوبەرایەتیش بەســتراوەتەوە بە بەڕێوبەرایەتی گشتیمانەوە و لەویشەوە بۆ وەزارەت.

لەبارەی چۆنیەتی راگەیاندنی ئامارەکانەوە هێما بۆ ئەوە دەکات: پێشوتر ئامارەکان بە فەرمانی بەرێوبەری گشتیمان راماندەگەیاند، ماوەی چەند ســاڵێکە ئەوە راگیراوە کە هەر بەڕێوبەرایەتییەک بە جیا ئاماری خۆی رابگەیەنێت.

هێما بۆ ئەوەشدەکات: زۆرجار لەلایەن بەڕێوبەرایەتی گشتیمانەوە ئامــار رادەگەیەنرێــت، هەندێــک ســاڵ وەزارەت راگەیاندنــی دەوەســتێنێت، ئەمــەش بــە هۆکاری جیاجیا کە ساڵ بۆ ســاڵ دەگۆڕێت.

## ت. ئاشتەوایی خێزانی

بەپێی ماددەی (٥) لە یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژیی خێزانی، پێویستە لیژنەکانی ئاشتەوایی سەر بە بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان لە سەرجەم بەڕێوبەرایەتیەکان پێکهاتەیەکی یەکگرتویان هەبێت، دەسەڵاتی ئاشتەواییان هەبێت بەر لە تۆمارکردنی سکالاّ و ڕێنمایی پێویست لە لایەن ئەنجومەنی دادوەرییەوە دەربچێت بۆ بەڕێوەچونی کارەکانیان.

محەمەد حەبیبوڵلا، لێپرسراوی سەنتەری راوێژکاریی خێزانی گەرمیان، دەڵێت: بەپێی ماددەی (٥) لە یاسای بەرەنگار بونەوەی توندوتیژی خێزانی کارەکانمان بۆ ئاشتەوایی خێزان ئەنجام دەدەین.

دەشڵێت: ئەو کەیسانەی کە لەچوارچێوەی خێزاندایە دەچێتە نوسینگەکانی سەر بە بەڕێوبەرایەتی و بنکەکانی پۆلیس، دادوەر بۆ ئاشتەوایی نێوان لایەنەکان دەینێرێت بۆ سەنتەرەکەی ئێمە، هەمو کەیسێکیش دەبێت سەرەتا راپۆرتی ئێمەی لەسەر بێت دواتر نوسینگەکان دەینێرن بۆ دادوەر.

هاوکات ئەیوب حسێن، وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان- گەرمیان و لێپرسراوی نوسینگەی کەلاری بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان، دەڵێت: سەنتەری راوێژکاری خێزانی رۆڵی راوێژکاریی (استشاری) دەبینێت بۆ پێدانی راوێژی یاسایی و دەرونی بۆ ئەو کەسانەی کە لەسەر خواستی خۆیان نایانەوێت سکالاّ تۆماربکەن. «پێش گەیشتنی کێشەکان بە سکالاّ، چارەسەرکردنی ئاسانترە، تۆمارکردنی سکالاّ وادەکات رێژەی چارەسەرکردنی کێشەکان کەم بکاتەوە». محەمەد حەبیبوڵلا، لێپرسراوی سەنتەری راوێژکاریی خێزانی وای وت.

دەشڵێت: هەندێکجار کێشەکان گەیشتونەتە بنبەست، ئەوکات دێنە لای ئێمە، کە ئەمەش وادەکات چارەسەرکردنی ئاسان نەبێت. یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژیی خێزانیی بە مەرجی داناوە پەڕاوی لێکۆڵینەوە پێش ئاراستەکردنی بۆ دادگای تایبەتمەند بە کێشە خێزانیەکان، دەبێت بنێردرێت بۆ لیژنەکانی ئاشتەوایی خێزانی.

ئەیوب حسێن، لەوبارەوە دەڵێت: ئامانجێکی گەورە لەپشت ئەم بە مەرج دانانەوەیە کە مەبەست لێی زیاتر لە یەک نزیککردنەوەی خێزانەکانە نەک ئەوەی لێکترازانی خێزانی دروست ببێت بە هۆی سکالاّوە.

هاوکات لێپرسراوی سەنتەری راوێژکاریی خێزانی گەرمیان، دەڵێت: ئەو کەیسانەی کە دێنە سەنتەرەکەمان، هەڵدەستین بە پێکهێنانی لیژنەیەک کە لە سێ کەسی پسپۆڕی بواری (یاسایی، دەرونی و کۆمەڵناسی) پێکهاتوە، بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنەکانی خاوەن کێشە بە ئەنجامدانی چەندین دانیشتن «جلسات»، پاشان راپۆرتێک ئاراستەی دادوەر دەکەین لە بارەی چارەسەربون یان چارەسەرنەبونی کێشەکە، لە حاڵەتی چارەسەرنەبوندا دادوەر ئاراستەی دادگای تایبەتمەندی دەکات.

دەشڵێت: ئەو کەسانەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان رو لە سەنتەری راوێژکاریی خێزانیی دەکەن، بە گرنگییەوە لە بونی شوێنێکی وادەڕوانن و دەڵێن ئاگەدار نەبوین کە شوێنێک هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان.

هێما بۆ ئەوەشدەکات ئاشنابونی خەڵک و ناسینی سەنتەری راوێژکاریی خێزانیی، کاریگەری دەبێت لەسەر کەمبونەوەی کێشە خێزانیەکان و قوڵنەبونەوەیان.

### ئاماری کارەکانی سەنتەری راوێژکاریی خێزانیی

| خزمەتگوزاری راوێژ | کەیسی رەوانەکراو لەلایەن دادگا | ئاشتبونەوە | ئاشتنەبونەوە | دواخراو | ئامادە نەبو |
|---|---|---|---|---|---|
| **ئاماری 2020** | | | | | |
| 1246 | 275 | 75 | 99 | 34 | **67** |
| **ئاماری 2020** | | | | | |
| 772 | 149 | | | | |
| **ئاماری 2021** | | | | | |
| 823 | 395 | 195 | | | |
| **ئاماری 2022** | | | | | |
| 298 | 361 | 62 | 215 | 74 | |
| **ئاماری 2023** | | | | | |
| 340 | 353 | | | | |

## پ. لێکۆڵینه

ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە یەکێکی دیکەیە لەو کارانەی کە لەلایەن نوسینگەکانی سەربە بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان وخێزان- گەرمیان ئەنجام دەدرێت، کارەکانی لێکۆڵینەوە گرێدراوی دادگای لێکۆڵینەوەی توندوتیژیی خێزانییە. عادل حەمەسالح، لێپرسراوی نوسینگەی رزگاریی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان وخێزان، دەڵێت: لێکۆڵینەوە چاوی فەرمانگەکەمانە، ئیشوکارەکانمان زیاتر پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەوە هەیە، ئەو کارانەی کە پەیوەستن بە لێکۆڵینەوە ئەنجامی دەدەین. دەشڵێت: کارەکانی لێکۆڵینەوە خۆی دەبینێتەوە لە کردنەوەی پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ کەسی سکاڵاکار و وەرگرتنی وتە پاشان دەنێردرێت بۆ دادگای پەیوەندیدار بە کێشە خێزانییەکان.
هاوکات ئەیوب حسێن، وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان- گەرمیان و لێپرسراوی نوسینگەی کەلاری بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان، دەڵێت: کارەکانی لێکۆڵینەوە پێش بەرزکردنەوەی بۆ دادگا، لەلایەن ئەفسەر و ڕێپێدراوانی ئافرەتەوە ئەنجام دەدرێت. دەشڵێت: لێکۆڵینەوە لە کێشە خێزانییەکاندا بەشێوەی نهێنی ئەنجام دەدرێت.
هێما بۆ ئەوەشدەکات: ئێمە وەکو لایەنی جێبەجێکار کاری ئامادەکردنی شایەتحاڵ و دەستگیرکردنی تۆمەتبار یاخود ئافرەتێک هەڕەشە لەسەر ژیانی هەبێت و بخرێتەماڵی داڵدەدان ئەنجام دەدەین، لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە هەر کێشەیەک کە لە چوارچێوەی خێزاندابێت، کە دەڕواتە دادگای تایبەتمەند بەکێشە خێزانیەکان سەرجەم کارەکانی لە لایەن ئێمەوە ئەنجام دەدرێت.

**ئاماری لێکۆڵینەوە لە کەیسەکاندا**

| ساڵ | ژمارەی کەیسی لێکۆڵینەوە تیادا کراو |
|---|---|
| **2019** | 965 |
| **2020** | 917 |
| **2021** | 1121 |
| **2022** | 1082 |
| **2023** | 918 |
| **شەش مانگی یەکەمی 2024** | 424 |

### ج. بڵاوکردنەوەی هۆشیاری

بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان- گەرمیان بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگە و دامودەزگا پەیوەندیدارەکان، کارەکانی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و هەڵمەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ژنان «٢٥ی نۆڤەمبەر» ئەنجام دەدات.

ئیدریس محەمەد، لێپرسراوی بەشی ئامار و پلاندانان، دەڵێت: یەکێک لە کارە سەرەکییەکانمان پلاندانانە بۆ بەڕێوەبردنی سەرجەم ئەو کار و چالاکییانەی کە لەچوارچێوەی یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان وخێزان ئەنجامی دەدات لە ژێر ناوی هەڵمەتی هۆشیاری.

«لە کارەکانماندا بۆ هەڵمەتەکانی هۆشیاری بۆ ئەوەی سەرجەم چین و توێژەکان بگرێتەوە هەماهەنگی باشمان هەیە لەگەڵ (زانکۆی گەرمیان، زانکۆی پۆلەتەکنیکی گەرمیان، بەڕێوبەرایەتی ئەوقافی گەرمیان، بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان)».

ئەحمەد نوری، بەرێوبەری بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان- گەرمیان، وای وت.

هاوکات ئیدریس محەمەد، لێپرسراوی بەشی ئامار و پلاندانان، دەڵێت: کارەکانی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری خۆی دەبینێتەوە لە هۆشیاری: یاسایی، دەرونی و کۆمەڵایەتی، سەرجەم ئەم کار و چالاکییانەش لە لایەن نوسینگە یان سەنتەری راوێژکاری خێزانییەوە ئەنجام دەدرێت، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاک و ئاشناکردنیان بە یاسا بەرکارەکان.

لە روی جۆری هەڵمەتەکانیشەوە، وتی: بەشێکی زۆر لە کارەکانی هەڵمەتی هۆشیاری لە رێگەی دابەشکردنی پروشەر و نامیلکە و سیمینار و وۆرکشۆپ و کۆنفرانسەوە ئەنجام دەدەین، هەندێکجار بەرنامەی رادیۆیی و تەلەفزیۆنیشی تێدەکەوێت.

باسیشی لەوەکرد: بەشێکی زۆر لەو سیمینار و وۆرکشۆپانەی ئەنجامی دەدەین لە زانکۆی گەرمیان و لەڕێگەی پەروەردەی گەرمیانەوە لە ناوەندەکانی خوێندن دایە.

**ئاماری چالاکی هۆشیاریی**

| ساڵ | ژمارەی چالاکی |
|---|---|
| **2019** | 200 |
| **2020** | 229 |
| **2021** | 121 |
| **2022** | 155 |
| **2023** | 95 |
| **شەش مانگی یەکەمی 2024** | 40 |

## ٣. بەڕێوبەرایەتییەکە دۆسیەی «حاڵەتە قورسەکان» وەرناگرێت

ماوەی زیاتر لە دو ساڵە، بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان- گەرمیان، ئەو دۆسیانە وەرناگرێت کە بە «قورس» ناودەبرێت و پەیوەستن بە کوشتن و خۆکوشتنەوە.

ئیدریس محەمەد، لێپرسراوی بەشی ئامار و پلاندانان، دەڵێت تاساڵی ٢٠٢٢ حاڵەتەکانی تاوانە قورسەکان لەنمونەی: کوشتن، خۆکوشتن، سوتان و خۆسوتاندن، لەلای ئێمە وەردەگیرا، چونکە بەشی نەهێشتنی تاوان نەبو، لەدوای کردنەوەی ئەو بەشە لە بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان، وەرگرتنی ئەو کێشانە کەوتە لای ئەوان.

وتیشی: ئەو تاوانانەی ئێمە لێکۆڵینەوەی تێدا دەکەین کەتنن، دۆسیەشمان دەچێتە لای دادگای کەتن، بەڵام حاڵەتە قورسەکان تاوانن و دۆسیەیان دەچێتە دادگای تاوان، هەربۆیە دۆسیە قورسەکان لای ئێمە وەرناگیرێن و لای بەشی نەهێشتنی تاوانە.

ئاماژەی بەوەشدا، وەکو ئامار و بەدواداچون ئەوان ئاگادار دەکرێنەوە لەو دۆسیەیانە و بەدواداچونی بۆ دەکەن.

## ٤. هەڵە تێگەیشتن لە کاری بەڕێوبەرایەتییەکە

بەرپرسانی بەڕێوبەرایەتەکە ئاماژە بەوەدەکەن کە زۆرجار هاوڵاتیان بە هۆی ناوی بەڕێوبەرایەتیەکەوە، بە هەڵە لە کارەکانیان تێدەگەن، وادەزانن هەمو بابەتێکی پەیوەندیدار بە ژنان لەلای ئەوانە.
محەمەد عەلی، لێپرسراوی بەشی کارگێریی لە بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان- گەرمیان، وتی: ئێمە بە تەنها کار لە کێشەی ئافرەتان ناکەین، بەڵکو کار لەسەر کێشە خێزانیەکانیش دەکەین، ئافرەتێکی زۆر رومان لێدەکەن کە کەیسەکانیان پەیوەست نییە بە ئێمەوە، چونکە ئەگەر کێشەی ئافرەتەکە پەیوەندی نەبێت بە توندوتیژی و کێشەی خێزانییەوە، ئەوا دەچێتە لای پۆلیس و لای ئێمە وەرناگیرێت.
وتیشی: سالآنە لە خستنەڕوی ئامارەکاندا روبەڕوی کێشە دەبینەوە لە راگەیاندنی ژمارەی توندوتیژیدا، چونکە وادەزانن ئەو ژمارەیە هەموی بەرامبەر بە ژنانە، لەکاتێکدا بەشێک لەو ژمارەیەی رادەگەیەنرێت توندوتیژییە بەرامبەر پیاوان.
هاوکات ئەیوب حسێن، وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان- گەرمیان و لێپرسراوی نوسینگەی کەلاری بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان، دەڵێت: بەشێکی خەڵک پێیانوایە بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی تەنها بۆ ئەو توندوتیژیانەیە کە بەرامبەر ئافرەت دەکرێت، بەڵام بەوشێوەیە نیە، بەڵکو سکاڵاوەرگرتن بۆ هەردو رەگەزە لەو کێشانەی پەیوەندیان بە توندوتیژی و پرسی خێزانییەوە هەیە.
یەکێکی دیکە لەو کێشانەی بەڕێوبەرایەتییەکە روبەڕوی دەبێتەوە، تێڕوانینی کۆمەڵگەیە.
ئەیوب حسێن، لەوبارەوە وتی: تێڕوانینی بەشێکی خەڵک وایە کە بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان بۆ لێکترازانی خێزان کراوە، ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە نەک لە نێو خەڵکی ئاسایی، بەڵکو تەنانەت لەناو هاوپیشەکانی خۆشماندا بڵاوە، لە کاتێکدا کار و هەوڵەکانی ئێمە بۆ لەیەک نزیککردنەوە و ئاشتەوایی خێزانە.
هاوکات کێشەیەکی دیکەش، تێکەڵکردنی ئەرکی ئەوان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییە.
ئەیوب حسێن، لەوبارەشەوە وتی: لە هەڵمەتەکانی هۆشیاریی یاخود پرسی دیکەدا هەماهەنگیمان هەیە لەگەڵ رێکخراوەکان و رۆڵەکانیان بەرز دەنرخێنم، بەڵام ئیشوکارەکانمان هیچ پەیوەندییەکی بە رێکخراوەکانەوە نیە».

»

## تێڕوانینی بەشێکی خەڵک وایە کە کاری بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی بۆ لێکترازانی خێزانە

«

## ٥. ئەنجامدانی خول و راهێنان

«سەرجەم ئەفسەر و کارمەندانمان و هەمو ستافی لێکۆڵینەوە، بەردەوام خولیان بینیوە، ئەم خولانە لەلایەن رێکخراوەکانی ئاژانسی نەتەوە یەکگرتوەکان و رێکخراوەکانی هەرێم و بەشێکی هەر لەلایەن خودی بەڕێوبەرایەتیمانەوە کراوەتەوە». ئەیوب حسێن وای وت.
وتیشی: ئەو خولانەی کە کراوەتەوە لەبوارەکانی لێکۆڵینەوە و ئایتی و پێشوازیکردنی کەیس و چۆنیەتی مامەڵەکردن لە تاوانە سێکسییەکان و...هتد بوە.
هاوکات عادل حەمەسالح، لێپرسراوی نوسینگەی رزگاریی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان، دەڵێت: سالآنە سێ تا چوار خولی لێکۆڵەریی بۆ ئەفسەر و کارمەندانی لێکۆڵەر کراوەتەوە.

# بەشی دووەم: گرفتەکانی بەردەم بەڕێوبەرایەتیەکە

## ١. کەمی کارمەند

بە هۆی ڕاگرتنی دامەزراندن لە ساڵی ٢٠١٣ـەوە بەشێکی زۆری بەڕێوبەرایەتی و فەرمانگە و دامودەزگا حکومییەکان گرفتی کەمی کارمەندیان هەیە، بەڕێوبەرایەتییەکانی سەربە وەزارەتی ناوخۆ لەو گرفتە بەدەر نیین، وەکخۆیان دەڵێن لەم ڕووەوە پشکی شێریان بەرکەوتوە.

ئەیوب حسێن، وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگار بونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان- گەرمیان و لێپرسراوی نوسینگەی کەلاری بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان، دەڵێت: لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ کە بەڕێوبەرایەتی دامەزرا ئەوکات تەنها بەڕێوبەرایەتییەک بو، بەڵام لەدوای ساڵی ٢٠١٣ سێ نوسینگەی (کەلار، کفری و ڕزگاری) کراوەتەوە کە بە هەمان ستافەوە کارەکانمان ئەنجامدەدەین.

دەشڵێت: لە کەمی کارمەنددا پشکی شێرمان بەرکەوتوە، لەکاتێکدا کارەکانمان بە بەراورد بە ١٠ ساڵی ڕابردو زۆر ڕوی لە زیادبون کردوە.

هاوکات عادل حەمەساڵح، لێپرسراوی نوسینگەی ڕزگاریی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان وخێزان، دەڵێت: کەمی کارمەند گرفتی بۆ کارەکانمان دروستکردوە کە نەتوانین وەک بنکەکانی پۆلیس کارەکانمان ئەنجام بدەین، بەڵام سەرەڕای ئەو گرفتەش، کارەکانمان بەباشی دەڕوات بەڕێوە.

هەروەک ئەیوب حسێن، دەڵێت: گرفتی کەمی کارمەند کاریگەری نەکردوەتە سەر پەکخستنی کارەکانمان، ئەمەش بەماندوبونی ئەفسەر و کارمەندەکانمان، بەشێوەیەک کەمی کارمەند وایکردوە هەر کارمەندێکمان جیاواز لەئەرکی خۆی کاری هۆبە و بەشەکانی دیکەش بکات.

دەشڵێت: بۆ باشتر بەرێوەچونی کارەکانمان پێویستمان بە ٢٠ بۆ ٣٠ ئەفسەر و پۆلیسە بەهۆی ئەوەی نوسینگەکان ڕاستەوخۆ هێڵی پەیوەندی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژین.

هێما بۆ ئەوەشدەکات: نوسینگەکانی کفری و ڕزگاری و خودی بەڕێوبەرایەتیشمان بە هەمانشێوە، پێویستان بە میلاکی زیاترە.

«ئەو گرفتانەی بەهۆی کەمی میلاکەوە هەمانە، لەکاتی پێویستدا بەشی پۆلیسی کفری هاوکارمانن بە پێدانی مەفرەزە ئەو بۆشاییەیان بۆ پرکردوینەتەوە، هاوکاری ئەوان نەبێت کارەکانمان بەباشی بەرێوەناچێت». بورهان محەمەد، لێپرسراوی نوسینگەی کفریی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان وای وت.

وتیشی: لێرەدا هاوڵاتی زەرەرمەند دەبێت ئەگەر لە شەودا کەسێک زوڵمێکی لێبکرێت دادوەر داوای دەستگیرکردنی تۆمەتبارێک بکات و لەم حاڵەتانەدا مەفرەزەمان نەبێت، چۆن دەستگیری بکەین؟

هاوکات عادل حەمەساڵح، لێپرسراوی نوسینگەی ڕزگاریی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان، دەڵێت: بەهۆی کەمی کارمەندەوە ناتوانین خشتەی ئێشکگر دانێین، لە حاڵەتەکانی ئەو کەیسانەی دوای دەوام ڕودەدەن بنکەی پۆلیسی ڕزگاریی هاوکاریمان دەکەن و دەینێرین بۆلای ئەوان و ڕۆژی دواتر ڕەوانەی لای ئێمەی دەکەن.

لەبارەی ئەوەی ئەو کارمەندانەی لە بەڕێوبەرایەتیەکەدا هەیە تاچەند شارەزان لە بوارەکەیاندا، ئەیوب حسێن، وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان- گەرمیان و لێپرسراوی نوسینگەی کەلار، وتی: کەسی پسپۆڕ و شارەزامان زۆرە، بەڵام بەهۆی کەمی میلاکەوە ژمارەیان کەمە.

هاوکات، عادل حەمەساڵح، لێپرسراوی نوسینگەی ڕزگاریی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان، دەڵێت: گرفتی کارمەندی پسپۆڕمان لە بواری لێکۆڵینەوەدا نییە، بەڵکو کێشەمان لە نەبونی کارمەندە و لەم ڕووەوە گرفتی بۆدروستکردوین، پێویستمان بەکارمەندە بۆ کارەکانی لێکۆڵینەوە.

## ٢. بونی مەترسی لەسەر کارمەندان

لێکۆڵەرانی تاوانەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان، بەهۆی هەستیاریی ئەو بابەتەی کاری تیادا دەکەن روبەروی مەترسی دەبنەوە.
ئەیوب حسێن، وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان- گەرمیان و لێپرسراوی نوسینگەی کەلاری بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان، دەڵێت: بەهۆی ئەوەی ئەفسەر و کارمەندانمان کاری لێکۆڵینەوە دەکەن و مامەڵە لەگەڵ تۆمەتبار و تاوانبار دەکەن، بێگومان لەکارەکەیاندا روبەروی مەترسی دەبنەوە.
وتیشی: بۆ خۆپارێزی لە هەر مەترسییەک کە روبەڕویان دەبێتەوە لە کارەکەیاندا، زانیارییان پێدراوە، هەروەک راهێنراون چۆن هاوسەنگی و بێلایەنیشیان بپارێزن و کارەکانیان بەشێوەیەکی یاسایی ئەنجام بدەن.
هەروەک عادل حەمەساڵح، لێپرسراوی نوسینگەی رزگاریی، دەڵێت: ئەگەرچی لەروی بەکارهێنانی توندوتیژی فیزیکییەوە بەرامبەر کارمەندانمان روبەڕوی مەترسییەکی وا نەبوینەتەوە، بەڵام بەزارەکی لە کاتی بەجێهێنانی ئەرکەکاندا قسەی ناخۆشمان بەرامبەر بەکارهێنراوە.
دەشڵێت: پاراستنی گیانی ئەفسەر و کارمەندەکانمان گرنگە و پێمان راگەیاندون ئەمە بەهەند وەربگرن لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیاندا.




## ٣. کێشەی پۆلیسی پاسەوان

«بەگشتی لەروی میلاکەوە میلاکمان کەمە، بەتایبەتی پۆلیسی پاسەوان، پۆلیسی تازە دامەزراومان نیە کە پێویستە ساڵانە هەبێت». محەمەد عەلی، لێپرسراوی بەشی کارگێریی لە بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان وخێزان- گەرمیان وای وت.
هاوکات عادل حەمەساڵح، لێپرسراوی نوسینگەی رزگاریی، دەڵێت: یەک پۆلیسمان نییە پاسەوانی نوسینگەکەمان بکات، نەبونی پۆلیسی پاسەوان گرفتە بۆ کارەکەمان، بەهۆ ئەوەی پەڕاو و کەیسی خەڵکمان لایە کە دەبێت ئەم پەڕاوانە زۆرباش بپارێزرێن.
دەشڵێت: نوسینگەکەمان کە لەناو بینای ناحیەی رزگاریدایە، ئەگەر بینای تایبەت بەخۆمانیش بۆ دابین بکرێت، ئەوا رەنگە نەتوانین بچینە ناوی، بەهۆی نەبونی پۆلیسی پاسەوانەوە.

## ٤. گرفتی بینا

نەبونی بینای تایبەت بە خۆیان، یەکێکە لە کێشەکانی ئەم بەڕێوبەرایەتییە.
محەمەد عەلی، لێپرسراوی بەشی کارگێریی لە بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان- گەرمیان، دەڵێت: بەڕێوبەرایەتی و سێ نوسینگە و سەنتەرێک کە دەکاتە پێنج شوێنی فەرمی، کەچی هیچ یەکێکیان بینای تایبەت بەخۆیان نیە جگە لە نوسینگەی کەلار، ئەگەرچی ئەویش بیناکەی لە گەڕەک و شوێنێکی نەگونجاودایە.
هاوکات ئەیوب حسێن، وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان- گەرمیان و لێپرسراوی نوسینگەی کەلاری بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان، دەڵێت: بابەتی کێشە خێزانیەکان تایبەتمەندی خۆی هەیە نابێت لەناو گەڕەک و بازاڕ و شوێنی نیشتەجێبوندا بێت، گەورەترین گرفت لە ئێستادا هەمانە سەرباری گرفتی میلاک، نەگونجاوی شوێنی بیناکەمانە.
«بەهۆی ئەوەی نوسینگەکەمان لە ناو بینای ناحیەی رزگاریی دایە، چەندینجار روبەروی ئەوە بوینەتەوە کە ناونیشانی نوسینگەمان بە خاوەن کەیس داوە بە هۆکاری بونی خزم و ناسیاوی لەو بینایە پێیان وتوین کە ناتوانن بێنە نوسینگە».
عادل حەمەسالح، لێپرسراوی نوسینگەی رزگاریی وای وت.
دەشڵێت: نەگونجاوی شوێنی بیناکەمان وایکردوە هاوڵاتی نەتوانێت بە ئازادی بۆ کێشەکانیان سەردانمان بکەن.
دۆخەکە بۆ نوسینگەی کفری سەختترە، چونکە سەرەڕای ئەوەی شوێنەکەیان بچوکە، کەچی داوای چۆڵکردنیشیان لێکراوە.
بورهان محەمەد، لێپرسراوی نوسینگەی کفری، دەڵێت: لە بینای بەڕێوبەرایەتی کاروباری کۆمەڵایەتی کفری داین، ئەمساڵ گەشتوەتە ئەوەی دەرمانبکەن، بەسوپاسەوە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی لەکاتی سەردانی بۆ کفری کێشەکەی بۆ چارەسەر کردین.
دەشڵێت: دو ژوریان لە بیناکە بردوەتەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر بچوکبونەوەی شوێنەکەمان دروست کردوە، هەمو فەرمانگەیەک پێویستی بە بینای سەربەخۆی خۆیەتی، هەمو ساڵێک داوای دابینکردنی بینامان کردوە.
هاوکات محەمەد عەلی، لێپرسراوی بەشی کارگێریی لە بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان- گەرمیان، دەڵێت: لەلایەن بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیانەوە داوای چۆڵکردنی بیناکەمان لێکراوە، شوێنمان زۆر بچوکە، ٧ ژورمان هەیە کە دوانیان بە پلاستیک دروستمان کردوە کە بەزۆر شوێنی خۆیان کردوەتەوە.
دەشڵێت: بەهۆی نەبونی کۆگای تایبەت بە تۆمارەکانمان ڕێڕەوی هاتوچۆمان کردوە بەشوێن کە پربوەتەوە لە لۆکەر، ساڵ لەدوای ساڵیش ژمارەی تۆمارەکان زیاد دەکات و شوێنیان پێویستە.

## ٥. گرفتی ئۆتۆمبێل

«یەک ئۆتۆمبێلمان هەیە، لە حاڵەتێکدا ئەگەر دەرچونم هەبێت ئۆتۆمبێلەکە لای من بێت لە هەمان کاتدا دادگا لە پەراوێکدا داوای دەستگیرکردنی کەسێک بکات یان کەسێک بۆ ماڵی داڵدەدان بنێردرێت، ئەوا دەبێت یان سەیارەکە بنێرمەوە یاخود کاری دادگا بوەستێت». عادل حەمەساڵح، لێپرسراوی نوسینگەی رزگاریی، وای وت.
وتیشی: لەم حاڵەتاندا کارەکانمان بە یەک ئۆتۆمبێل ناچێت بەڕێوە، بەلایەنی کەم پێویستمان بەوەیە دو ئۆتۆمبێلمان هەبێت.
هاوکات بورهان محەمەد، لێپرسراوی نوسینگەی کفریی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان، دەڵێت: سەرەڕای ئەوەی کە یەک ئۆتۆمبێلمان هەیە، کۆنیشە و بەردەوام کێشەی خراپبونی هەیە، هەندێکجار لەکاتی ناردنی کەیس بۆ کەلار لە ڕێگا پەکیکەوتوە، لە هەندێک حاڵەتدا بە ئۆتۆمبێلی خۆمان کارمان کردوە.
دەشڵێت: بۆ دەستگیرکردنی کەسێک ئۆتۆمبیلی خۆمان ناردوە، لەم کارانەشدا کە بە ئۆتۆمبیلی مەدەنی بڕۆیت ئەوا کەسەکە گومانی لا دروستدەبێت.

## ٦. گرفتی نەسرییە

بەڕێوبەرایەتی بەرەنگار بونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان- گەرمیان بڕی ئەو نەسریەی کەهەیانە وەکو خۆیان دەڵێن بەشی پڕکردنەوەی خەرجییەکانیان ناکات.
محەمەد عەلی، لێپرسراوی بەشی کارگێریی لە بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان- گەرمیان، دەڵێت: بڕی ئەو خەرجییانەی کە هەمانە لە بڕی ئەو نەسریەی هەیە کە ٢ ملیۆن دینارە، زۆرجار زیاترە، ئەمەش وایکردوە نەتوانین ئیفادی ئەو فەرمانبەرانەمان خەرج بکەین کە دەڕۆنە هەولێر و دەگەڕێنەوە، بەهۆی نەبونی پارەوە کە لە پێداویستییە گرنگترەکاندا خەرجی دەکەین.
دەشڵێت: بۆ ئەوەی تێچوی خەرجییەکانمان بەپێی ئەو پێویستیانەی کە هەیە پڕی بکەینەوە، بڕی نەسریەکەمان بکرێت بە ٣ ملیۆن دینار باشترە.

## ٧. گرفتی نەبونیماڵی دالْدەدانی هەمیشەیی

نەبونی ماڵێکی هەمیشەیی بۆ دالْدەدانی ئافرەتانی هەڕەشە لێکراو لە گەرمیان، گرفتی بۆ کاری نوسینگەکانی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دروستکردوە.

ئەیوب حسێن، وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان- گەرمیان و لێپرسراوی نوسینگەی کەلاری بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان، دەڵێت: نەبونی ماڵی دالْدەدانی هەمیشەیی یەکێکە لە گرفتە گەورەکانمان، ئەو ماڵەی لێرەدا هەیە بۆ کەیسی کاتییە و ٧٢ سەعاتییە، ئەمەش بۆ یەکلاکردنەوە و چارەسەرکردنی کەیسێک زۆر کەمە، بەتایبەت هەندێک کەیس دەکەوێتە ڕۆژانی پشووەوە، هەندێک لە کەیسەکانیش دەستگیرکردنی تۆمەتبار و ئامادەکردنی شایەتی پێویستە، دوای تەواوبونی ئەو ٧٢ سەعاتەی کە هەیە ناچارین بینێرین بۆ ماڵی دالْدەدانی ئافرەتانی هەرەشەلێکراوی سلێمانی.

دەشڵێت: ناردنی کەیسێک بۆ سلێمانی لە روی ئەمنی و کەمی ستاف و پارێزراوی کەیس و سەلامەتی گیانی خاوەن کەیس، گرفتێکی گەورەیە بۆمان.

هێما بۆ ئەوەش دەکات: ئەوەی زیاتر مایەی گرفتە ئەوەیە کە بۆ وتە وەرگرتن یاخود پشکنین و کاری لێکۆڵینەوە، دەبێت ژنەکە بهێنرێتەوە و دوای تەواوبونی ئەو وتەوەرگرتن و کارانەی دیکە، جارێکی تر بنێردرێتەوە بۆ سلێمانی.

لەبەرامبەردا ژیلوان عادل، بەڕێوبەری گشتی چاودێریی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان کە ماڵی دالْدەدانی ژنان لە گەرمیان لەژێر دەسەڵاتی ئەواندایە، دەڵێت: ئەو کەیسانەی دۆخیان زەرورتر بوە و پێویستی بە دادگا بوە، بە بڕیاری دادوەر زیاتر لە ٧٢ سەعات ماونەتەوە و کاتەکەی درێژکراوەتەوە، ئەو کەیسانەشی کە دڵنیابوین لەوەی دەمێنێتەوە و دادوەر بڕیاری لەسەر نادات، راستەو خۆ ناردومانە بۆ سلێمانی تا کاتی دادگایی.

«بۆ چارەسەری ئەم گرفتە، هیچ نەبێت ئەو ٧٢ سەعاتە بکرێت بە دوهەفتە، ئەوا چ بۆ ئێمە و چ بۆ بنکەکانی پۆلیسیش زۆر باشترە». ئەیوب حسێن، وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان- گەرمیان و لێپرسراوی نوسینگەی کەلاری بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان، وای وت.

لەبەرامبەردا، ژیلوان عادل، بەڕێوبەری گشتی چاودێریی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، دەڵێت: نەتوانراوە ئەوە بکرێت، بەهۆی کەمی ستاف و نەبونی فەرمانبەری پێویستەوە.

کێشەیەکی دیکەی ماڵی دالْدەدانی گەرمیان، نەگونجاوییەتی.

محەمەد عەلی، لێپرسراوی هۆبەی کارگێری لە بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان- گەرمیان، وتی: بەهۆی ناخۆشی و نەگونجاوی ماڵی دالْدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراوی کەلار کە هاوشێوەی زیندانە، زۆر کەیس هەبوە لەلامان پێیان وتوین دەرمانبکەن بابکوژرێین چی بکەین لێرە، هەربۆیە باشتر وایە ماڵی دالْدەدان هاوشێوەی ماڵ بێت.

لە بەرامبەردا، ژیلوان عادل، بەڕێوبەری گشتی چاودێریی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، دەڵێت: لەلایەن ڕێکخراوی UNFPA بەڵێنی دروستکردنی ماڵی دالْدەدانمان پێدراوە، بە پێی هەندێک تایبەتمەندی دروستدەکرێت کە وەک ماڵێکی تەواو بێت.

دەشڵێت: بەشێوەیەک دروست دەکرێت کە هەمو ژورێک بە سەرجەم پێداویستیەکانیەوە بێت، لە هەمان کاتدا پاراستنی ژورەکان بەهۆی ئەوەی کە ڕەنگە هەندێک کەیس هەبێت هەوڵی خۆکوشتن بدات ڕەچاوی ئەوە کراوە، کە بەشێوەیەکی سەردەمیانە بێت و و وانەبێت کە هاوشێوەی زیندان بێت.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: لە ڕێگەی شارەوانی کەلارەوە شوێنمان بۆ دابین کراوە و وابڕیارە ڕێکخراوی UNFPA ساڵی داهاتو دروستکردنی بیناکەمان بۆ جێبەجێ بکەن.

### ئاماری نێردراوان بۆماڵی دالْدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو

| | | | |
|---|---|---|---|
| **2019** | | | |
| **ژمارەی دالْدەدراو** | چارەسەر کراو | چارەسەر نەکراو | ماوە |
| **39** | 36 | -- | 3 |
| **2020** | | | |
| **ژمارەی دالْدەدراو** | چارەسەرکراو | چارەسەر نەکراو | ماوە |
| **23** | 22 | -- | 1 |
| **2023** | | | |
| **22** | 21 | -- | 1 |

# بەشی سێیەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجام

١. بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان- گەرمیان، یەکێکە لە بەڕێوبەرایەتیەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ لە سنوری گەرمیان، لە ساڵی ٢٠٠٨ـەوە لە سنورەکەدا کراوەتەوە، سەرەتا بەڕێوبەرایەتیەکی بەدواداچون بوە و پاشان بوە بە بەڕێوبەرایەتییەک بۆ بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی. ئەم بەڕێوبەرایەتییە ئەو کەیسانە وەردەگرێت کە پەیوەندیدارن بە توندوتیژی دژ بە ژنان لەسەر بنەمای رەگەزییان، هەروەها هەر توندوتیژی و کێشەیەکی دیکە کە لەناو خێزانەکاندا روبدات و مەرج نییە پەیوەست بێت بە ژنانەوە.

٢. ماوەی زیاتر لە دو ساڵە بەڕێوبەرایەتییەکە ئەو کەیسانە وەرناگرێت کە بە «قورس» ناودەبرێن و پەیوەندییان بە کوشتن و خۆکوشتنەوە هەیە، بەڵکو بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوانەکان کاری تێدادەکەن.

٣. بەڕێوبەرایەتییەکە لە یەک کاتدا چەند ئەرکێک بەجێدەگەیەنێت، هەر لە لێکۆڵینەوەکردن لەسەر پرسەکانی توندوتیژی، کۆکردنەوەی ئامار و داتا لەبارەی کێشەکان، هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە رێگەی ئاشتەوایی تادەگات بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی کۆمەڵگەیی.

٤. بەڕێوبەرایەتیەکە لە قەزاکانی کەلار و کفری و ناحیەی رزگاریی نوسینگەی هەیە، پێشتریش لە قەزای خانەقین نوسینگەی هەبوە، بەڵام بە کاریگەریی روداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، نوسینگەکە داخراوە و کراوە بە تیمی گەڕۆک «مۆبایل». تێکڕاش بە هەمو نوسینگەکانیەوە (١٣٢) فەرمانبەری هەیە.

٥. جگە لە نوسینگە و تیمەکانیان، یەکێک لە خزمەتگوزارییەکانی دیکەی بەڕێوبەرایەتییەکە، بونی سەنتەرێکی تایبەتە بۆ چارەسەری کێشە خێزانییەکان، کە بەشێک لەو هاوڵاتیانەی کێشەیان هەیە پێش چونە دادگا و هەندێکی تریشیان بە فەرمانی دادگا، رەوانەی سەنتەرەکە دەکرێن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەرێگەی راوێژ و گفتوگۆوە.

٦. بەڕێوبەرایەتیەکە روبەڕوی چەندین گرفت دەبێتەوە، هەندێکیان مادین و هەندێکی دیکەیان مەعنەوین، دیارترین کێشەی مەعنەوی، بونی هەڕەشە و مەترسیە لەسەر ژیانی کارمەندەکان بەهۆی ئەوەی زۆرجار لە بواری دۆسیەی هەستیاردا کاردەکەن، هەروەک کێشە مادیەکانیش خۆیان دەبیننەوە لە نەبونی بینا و بودجەی پێویست و... هتد.

٧. کەمی کارمەند و بەتایبەتی کارمەندی شارەزا لە بوارە جیاوازەکان، یەکێکە لە دیارترین کێشەکانی بەڕێوبەرایەتییەکە، کە کاریگەریی لەسەر کارەکانیان داناوە.

## دووەم: ڕاسپاردەکان

١. بونــی بەڕێوبەرایەتــی بەرەنگاربونــەوەی توندوتیــژی دژی ئافرەتــان و خێــزان لە ســنوری گەرمیان، پێویســتییەکی ڕۆژە، بەتایبــەت کــە ڕێژەیەکــی بەرچــاو لــە کێشــەی کۆمەڵایەتــی و توندوتیژی هەیــە و پێویســتە لایەنێکــی فەرمی کاری تێــدا بــکات، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا پێویســتە ئــەم بەڕێوبەرایەتییــە بەهێــز بکرێت، ئەویــش بــە دابینکردنی پێداویســتییەکانی، هەروەهــا دانانــی کەســی پســپۆڕ و کارمەنــدی لێهاتــو و شــیاو بۆی، بــۆ ئەوەی ئــەو ڕۆڵەی بۆی دانراوە، بــە باشــیی و ســەرکەوتوانە بیگێڕێت.

٢. بونی مەترســی لەســەر کارمەنــدان بەتایبەتی لەو دۆســیانەی هەســتیارن، پێویســتە مامەڵەیەکی ورد و پیشــەییانەی لەگەڵــدا بکرێــت، بۆ ئەوەی سەرنەکێشــێت بۆ ڕوداوی نەخوازراو وەک لە شــوێنی دیکــەدا ڕویانداوە.
بۆیــە گرنگــە بــە بایەخەوە کار لەســەر ئــەم لایەنــە بکرێت و هۆشــیاری بــەردەوام بە کارمەنــدان بدرێــت و هەروەها لەکاتــی بونــی هــەر هەڕەشــە و مەترســییەکیش بــە پەلــە کار بــۆ چارەســەر و کۆتاییپێهێنانــی بکرێت.

٣. ئەنجامدانــی خولــی ڕاهێنــان بــۆ کارمەنــدان زۆر گرنگ و پێویســتە، لــەوەش گرنگتــر ئەوەیە کە خولەکان لەســەر بنەمــای پیشــەیی و لە ئاســتی بــاڵا و بە کواڵێتی بــەرز ئەنجام بدرێــن، بۆیە هانــی بەڕێوبەرایەتییەکــە و مەرجەعەکانی دەدەیــن بــۆ ئەوەی بــەردەوام بــن لــە ئەنجامدانی خــول بــۆ پەرەپێــدان بەتوانــای کارمەندەکانیان، بەشــێوەیەک کە ڕابهێنرێــن بــە بنەمــا بنەڕەتییەکانــی پاراســتنی مافی مرۆڤ و ژنــان و منداڵان.

٤. بینــا ئەگــەر بــۆ هەر دەزگایەکــی تری حکومی پێویســت بێت، ئەوا بــۆ بەڕێوبەرایەتــی بەرەنگاربونــەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتــان و خێــزان، زۆر پێویســتە، چونکــە سروشــتی کارەکانــی ئــەم بەڕێوبەرایەتییــە وادەخوازێت کــە خاوەنی بینــای تایبــەت و ســەربەخۆ بێــت و هەروەهــا پارێــزراو و گونجــاو بێت بــۆ مامەڵەکردن لەگــەڵ ئەو دۆســێیانەی دێنە لایان.
بۆیــە پێویســتە حکومــەت لەمڕووەوە هەنــگاوی پێویســت بگرێتەبەر و بینــای گونجاو بــۆ بەڕێوبەرایەتییەکە و نوســینگە و ســەنتەرەکانی دروســت بکات.

٥. بونــی ســەنتەری ڕاوێژکاریــی خێزانیــی، زۆر گرنــگ و پێویســتە، چونکــە دەبێتــە ناوەندێــک بــۆ چارەســەرکردنی کێشــەکان بەرێــگای ڕاوێــژ و گفتوگــۆ. لەگــەڵ ئەوەشــدا پێویســتە جەخــت لەوەبکرێت کــە کارەکان بە ئاراســتەیەکدا نەچــن کــە تاوانــەکان پەردەپۆش بکــەن و مافــی تاکەکان لــە ڕوی یاســاوە بەدەســت نەیات.
ئــەم بوارە بوارێکی گرنگ و هەســتیارە، هەربۆیە پێویســتە هەم ســتافی پێویســتی شــارەزای بۆ دابیــن بکرێت، هەمیش بــەردەوام خــول و ڕاهێنانیــان بۆ ئەنجام بدرێــت، هەروەک پێداویستیەکانیشــی بــۆ فەراهەم بکرێت.

٦. بەڕێوبەرایەتیەکــە پەیوەنــدی باشــی لەگــەڵ ڕێکخــراوەکان و ناوەنــدە پەروەردەییەکانــدا هەیــە و چالاکــی جۆراوجــۆری هۆشــیاری هەیــە لەگەڵیانــدا، پێشــنیاز دەکەین کــە بەردەوامی بــەم پەیوەندییــە و ئەنجامدانــی چالاکی هاوبــەش و بــرەودان بــە چالاکی هۆشــیاریی بدرێت.
لەلایەکــی دیکەشــەوە هەســت بەوەدەکرێــت هێشــتا هاوڵاتیــان لــە ئەرکــی بەڕێوبەرایەتییەکە بەباشــی نەگەیشــتون، بۆیــە پێویســتە بەڕێوبەرایەتیەکــە لەمــڕووەوە کاربــکات و باشــتر کار بــۆ ناســاندنی ئیشــوکار و ئەرکەکانی بکات.

٧. پێویســتە ئــەو داواکارییانــەی کــە هەن لەبــارەی بونــی ماڵــی هەمیشــەیی داڵدەدانــی ئافرەتانی هەڕەشــەلێکراو، بەهەنــد وەربگیرێــن، بەتایبەتــی کــە بــوە بەکێشــەیەکی دیــار و بەرچــاو. لەمــڕووەوە پێویســتە حکومــەت هەوڵــی دروســتکردن و دابینکردنــی ماڵێــک بدات لە ســنورەکەدا.

**لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە**

یەکەیەکــی ڕۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی ڕادیۆی دەنگە بە پاڵپشــتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەســتی پــەرەدان بەکارەکانیان و هەروەهــا بــرەودان بە پرۆســەی چاودێرییکردن و شــەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەســەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. پەرژین کامەران

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net